دەستەی دەستپاکی تۆڕێکی بەرتیل وەرگرتن لە دەستەی خانەنشینی هەڵدەوەشێنێتەوە

دەستەی دەستپاکی فیدڕاڵی ڕایگەیاند کە تۆڕێکی چوارکەسی بەرتیل وەرگرتن لە دەستەی خانەنشینی هەڵدەوەشێنێتەوە.

دەستەکە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:- بەیاداشتێکی دادوەری بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوە لەبەغداد هەستا پێکھێنانی تیمێک بۆ پشکنین و بەدوواداچون بۆ چەند زانیاریەک کەیەکێک لەسکاڵاکاران ڕەوانەی کردبوو کەداوای پارەیان لێکردبوو بۆ تەواوکردنی مامەڵەی خانەنشینیەکەی.

بەیاننامەکە ئاماژەشی بەوەکرد کە تیمەکە هەستا بەناوەی بۆسەیەک کەپشان دەرکەوت ئافرەتێکی پارێزەرە ولەکاتی وەرگرتنی پارەکە دەستگیرکرا.

پاش دەستگیرکردنیشی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کراو دەرەنجام دەرکەوت کە بڕێک لەوپارەیە دەگەیەنرێتە کەسێک لە دەستەی خانەنشینی ، پاشانیش تیمەکە چووە ناوجەرگەی پایتەخت و ئەوکەسە لەکاتی پارەوەرگرتنەکەدا دەستگیرکرا.

هەروەها تیمەکە توانی کە دوو تاوانباری دیکە دەستگیربکات کەلە دەستەی خانەنشینی کاردەکەن کەلە دەروازەی بانکەوە پارەیان وەردەگرت لەگەڵ چوار مۆبایل کەبۆ ئەوکارە بەکاردەھێنران.

ئاماژەشی بەوەکرد کە پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ پڕۆسەکە ڕێکخرا کەبەپێی بڕیاری 160ی ساڵی 1983

ج□ب□ج□كرا .